# بەرگری کردن لە گەلی عیراق  یان پشتیوانی لە سەدام

hawramani11@yahoo.com
ئیبراهیم هەورامانی

بەمەبەستی دامالینی چەکە کو کورەکاتی حکومەتی عیراقی لە لایەن ریکخراوی (یوئین) و ئەنجومەنی ئاسایش و مل نەدان بو جیبەجیکردنی ئەم بریارە لە لایەن رزیمی سەدامەوە ...حکومەتی ئەمەریکا ی دوای 11 سیپتەمبەر دەیەویت لە ریکەی بەکارهینانی هیزی سەربازییەوە کوتایی بەم قەیرانە و کورینی رزێمی سەدام کوتایی بیبهێنیت. لە سەروبەندی هیرشی جاوەروانکراوی حکومەتیئەمەریکاو هاوبەیمانەکانی بو سەر رزیمی سەدام ... زوریك لە شەقامەکانی وولاتانی دونیا جەندین خوبیشاندانی نارازیی و بەرگرتن لە رودانی ئەکەری هیرشیکی لەم جەشنە بە بیانوی بەر کریکردن لە خەلکی بێ دیفاعی کەلانی عیراق دەنکی نارەزایەتییان دەردەبرن. نامەوێ بە میزوی تاوانەکانی رژیمی سەدام دا بچمەوەو لەم بابەتەمدا بیخەمە بەر دیدەی زوریك لەو خۆبیشاندەرانە ئەوەی بە لامەوە گرنکە باسی لیوە بکەم کین ئەوانەی ئەمرو وەك غەمغوری کەلی مەزلومی عیراق. بە دروشمی قەبە رژاونەتە نیو شەقام و کین ئەوانەی لە دەروەوەی ریزی خوبیشاندەران دان. ئەوانەی ئەمرو لە شەقامە جیا جیاکانی وولاتانی دنیا بە دەنکی نارەزایەتی خویان نیشانی میدیاکانی جیهان دەدەن و بیان وایە ئەو شەمەندەفەری جەنگەی لە لایەن ئەمەریکاوە کەوتوتە ری بوەستینن ...لە کاتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و گوندەکانی تری کوردستان لە کوێ بون...؟لە کاتی ئەنفالکردنی 182 هەزار هاولاتی کورد دا لە کوێ بون. . ؟لە کاتی لە سیدارەدانی زیاتر لە (1) ملیون کەسی عیرا قی بە دریژایی میژوی دەسەلاتی بەعس لە کوێ بون. . ؟لە کاتی قەتلوعام کردنی برا عەرەبەکانی باکور و باشور و ناوەراستی عیراق لە کوێ بون...؟لە کاتی راگواستنی هەزارەها خیزانی کورد لە کەرکوك و شەنگار و خانەقین لە زیدی باب و باپیریان لە کوێ بون ...؟بوێ نەهاتنە سەر شەقام و وەك ئیستا دەڵێن ئیمە دژی سەدامین ودژی جەنگی ئەمەریکاین

ئایا ئەگەر ئەوانەی ئەمرولە دژی شەری ئەمەریکا و دژی رژیمی سەدام. دروشمی جوراو جور بەرز دەکەنەوە ئەگەر دژ بە سەدامن ئەو روژانەی گەلانی عیراق گیرودەی دەست رژیمی سەدام بوون...دەبن لە کوێبوون. . ؟ لەم روانگەیەوەمن پیم وایە ئەمرو تەواوی ئەوانەی دەرژینە نیو شەقام و رژاونەتە نیو شەقامەکان کە لە (لایەنگرانی ئیسلامی یە توندرەوەکان وعەرەبە رەگەز بەرستەکان و کومونیستە هەرزەکانن) کە شانبەشانی وولاتە سودمەندەکانی وەك (فەرەنسا و ئەلە مانیا) بوبەراستنی بەرژەوەندی یە ئابوری یەکانیان لە عیراق دا. . بیانەوێ و نەیلنەوێ بیکەوە لە یەك سەنگەری دوژمنکاری یانەدا بە سەنکەری گەلانی عیراق هاوبەیمانن. . لە راستی دا ئەم هاوبەیمانیتی یی یەش بەو داینەمو (3) ملیون دولارەی کە حکومەتی رژیمی بەعس بو ئەم مەبەستە خستویەتی گەر بەریوە دەجیت ...کە دەرئەنجامەکەی مایە بوج دەردەکەویت. من لیرەوە بەو خوبیشاندەرانە دەلیم ئەگەر ئەوان دژ بە رژیمی سەدام و دژ بە جەگی ئەمەریکان. . بو نافەرموون بە دروستکردنی سەنگەریکی توکمەی جەماوەری و هەول بدەن بو روخانی ئەم رژیمە دژی بەشەری یە و بیش هەولەکانی ئەمەریکا بکەون و گرەوی دلسوزی خویان بوگەلی عیراق لە ئەمەریکا بەرنەوە. هەر لیرەوە. من هەرگیز بە لامەوە سەیر نی یە گرووبە ئیسلامی یە توندرەوەکان و عەرەبە رەگەز بەرستەکان کە هاوسوزی بو سەدام و نارەزایەتی خویان لە دژی ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا دەربرن. جونکە رژیمی بەعس دیویکی تری ئەم دوو رەوتەن .... لە لایەکی دیەوە هەرگیز بەلامەوە سەیر نی یە وولاتانی بەرژەوەند بەرست ی وەك (فەرەنسا و ئەلەمانیا) کە ئەمرو بونەتە دوو وولاتی نارازیی لە بەرامبەر بە روخانی حکومەتی بەعسەوە. بە خاتری باراستنی ئەو بەرژەوەندی یە ئابوری یانەی خویان لە وولاتی عیراق دا

www.kurdistannet.org

بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرنجی منە. هاوریانی (حككع) كە بە شێوەیەكی دیار و بەرچاو لێرەو و لەوێ لە هەندێ ماڵبەری كوردی بە نایبەتی (كنوردستان نێت) بە چەند بابەتیك لەم هاوبەیمانێتی یە دا بەشدارن. لە كوّتایی دا من دەلّیم ئەم هاوبەیمانیّتی یە ی كە نەك رێ لەسەرهەلّدانی ئەم جەنگە ناگرێت. 1 بەرگری كردن نی‌یە لە گەلانی ستەم دیدەی عێراق بگرە بشتیوانی كردنە لەو رژێمەی بە دریژای مێژووی دەسەلاّتی جگە لە تاوان و ترس و توّقاندن هیچی دی نەبوە. . ئەو دەنگە نارازی یانەی كە ئەمروّ هاوبەیمانێتی یەكیان بیك هێناوە. هەر ئەو دەنگە نارازی‌یەن كە لە زاری علی‌حسن المجید و تەها یاسین رەمەزان و......هتد. دێنە دەرەوە و سبەی بەشیمانی دادیان نادات

2003|2|20

**تێبینی كوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونە (كوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بلاّویدەكەینەوە. لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت.... 15-1-2003

www.kurdistannet.org كوردستان نێت